www.kurdistannet.org
22-2-2003 16:26

# کۆمیتەی خستنەگڕی هەوڵەکان بۆ دادگایي کردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی - دانمارك

**2003\2\21**



سەر لە بەیانی ڕۆژی 2003\2\21 کات ژمێر 9، لە دادگای شاری Soro، دانیشتنێکی تر سازکرا، بۆ تاوتوێ کردنی درێژ کردنەوەی دەست بە سەری تاوانبار نەزار خەزرەجی وەك تاوانباری جەنگ تا ڕۆژی دادگایی کردنی، نەزار خەزرەجی و پارێزەرەکەی (ئەنەس یوسف) ، ئەم جارەیان بە شێوەیەکی جیا لە هەموو دانیشتنەکانی تر، زۆر مات و بێ دەنگ بوون و هیچ بەرگری نامەیەکیان بە دەستەوە نەمابوو، پاش ئەوەی هەوڵەکانی کۆمیتەکەمان، سەرئەنجام بوونە مایەی ئەوەی لایەنی کوردی دەست لە بەرگری کردن لە خەزرەجی هەڵگرێت، ئەمەش لە ڕووی معنوی و دەرونی بە ئاشکرا لە سیمای خەزرەجی دەخوێندرایەوە و هەستی پێ دەکرا .

داواکاری گشتی سەر لە نوێ و بۆ جارێکی دی چەند بابەتێکی دی وورووژاند، کە بە بێ گومان دوزی خەزرەجی بە شێوەیەك سەخت و ئاڵۆز دەکات بە هیچ شێوەیەك بواری دەرباز بوون و بەرگری کردنی بۆ نەمێنێت، داواکاری گشتی ووتی. . لە مانگی 2002\12 لە بیرۆی لەندەنی ڕێکخراوی *( Human Rights Watch) ، 500 بەڵگەنامەمان بۆ هاتووە سەبارەت بە تاوانەکانی ڕژێمی عێراق لە ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیای و ڕوخاندنی گوند و شاروچکەکانی کوردستان، ئێستا سەرقاڵی وەرگێڕانی ئەوبەڵگەنامانەین و دواتر لێکۆڵینەوەی خۆمانی لە سەر دەکەین، هەروەها تائێستا نزیکەی 20 شاهێد ماوە لە دەرەوەی دانمارك بە نیازین چاوپێکەوتن و لێکۆڵینەوەیان لە گەڵدا بکەین، هەروەها داواکاری گشتی لە درێژەی*

ووتەکانیدا ووتی. . ئەوە دەزانین سەدام و عەلی هەسەن مەجید فەرمانی ئەنفال و کیمیاباران و ڕوخاندنی گوندەکانیان دەرکردووە، بەڵام بەڵگەنامەکان ئەوە دەسەلمێنن و دەردەخەن کە خەزرەجی و سوپاکەی ئەو فەرمانانەیان جێ بەجێ کردووە، چەند کاسێتێکی ڤیدیۆمان پێ گەیشووە نیشانی دەدات چۆن یەکەکانی ئەندازیاری سەربازی کە بەشێك بوونە لە سوپاکەی خەزرەجی گوندی کوردە سیڤیلەکان تێك دەدات و دەروخێنێت. پارێزەرەکەی خەزرەجی بە دەنگێکی زۆر گزەوە ووتی. . ڕەنگە وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو بەڵگەنامانە و چاوپێکەوتنی شاهێدەکان ساڵێك زیاتر بەرێت، بۆیە پێشنیارێکم هەیە ئەگەر داواکاری گشتی ڕازی بێت بەوەی خەزراەجی ئازاد بکرێت و ڕێگای سەفەر کردنی پێ بدرێت تا ڕۆژی دادگایی کردنی !!

بەڵام داواکاری گشتی هەر زوو، بە تووندی پێشنیارەکەی ڕەت کردەوەو ووتی : خەزرەجی تلوانی زۆر گەورەو ترسناکی لە ئەستۆدایە و داوا دەکەین بە گوێرەی یاسای سزادان چوارهەفتەی تر دەست بەسەری بۆ نوێ بکەنەوە و پێوستە هەر دەست بە سەر بێت، تا ڕۆژی دادگایی کردنی.

دادوەر کە بۆ نزیکەی 2 کات ژمێر گوێی لە گشت لایەك گرت، دوای پشوویەکی کورت بڕیاری خۆی دا بە هێشتنەوەی نەزار خەزرەجی بە دەست بە سەری تا ماوەی چوار هەفتەی دیکە.

ئەوەی پێویستە لەو ڕووەوە بوترێت : داواکاری گشتی باسی ئەوەشی کرد، پاش ئەوەی پارێزەری خەزرەجی (ئەنەس یوسف سەن) ، جارێکی تر داوای مافی پەناهەندەیی سیاسی بۆ خەزرەجی کردووە، بەڵام لە 2003\1\16 لە لایەن بەرێوەبەرایەتی کاروباری بێگانە داواکەی خەزرەجی دیسان رەتکراوەتەوە.

ڕۆژی 2003\2\21 دەنگوباسی DR1، کە گەورەترین میدیای دانمارکە، لە گەڵ ڕۆژنامەی (Ekstrabladet) ،چاوپێکەوتنێکی جێگری وەزیری

بەرگری ئەمریکی(Douglas Jay Feith ) یان بڵاو کردەوە، کە پرسیاری خەزرەجی و ئەگەری بینینی ڕۆڵی لە ئایندەی عێراقدا لێ کراوە، وتوویەتی : خەزرەجی ناناسم و زانیارییەکی ئەوتۆم لە بارەیەوە نییە و پێم وایە هێچ ڕۆڵێکی لە ئایندەی عێراقدا نابێت.